# یادگاری ئەم ئێوارەیە . . .

ئەم ئێـــوارەیە، وەک هەمـــوو ئێـــوارەیەک نیـــیـــە، بیـــر و بۆچوونەکـــانم بەیانی پەرش و بڵاوی خـــۆیان کـــرد لەســـەر جیهان...

بێـدەنگیـیـەکی سـەیر رووی تێکردووم... لە ناکـاو هەمـوو پیتە دڵ تەنگەکان هاواریان کرد، لەسـەر دێرەکانی کـاغـەز بمکە بە دەسکەگـوڵێکی جـوانی بۆندار و بەسەر دێرەکان بڵاومبکەوەو بەرەو جیهانی خەیاڵ بمفڕێنە!.

بۆچوونەکانم هاواریان کرد، بمکە بە پاشای پیتـەکانت و بۆ چییـە ئەو سـەرپێچیکردنە؟ لێگەڕێ با رۆژان لـە یـادم بـبـنـەوە، ئـەو یادگـاریانەی داپۆشـراون بە سـۆز بروسک لە پیتـەکانی داوم و تەم وشەکانمی داپۆشیوە...بەڵێ ئەم ئێـوارەیە وەک هەمـوو ئێـوارەیەک نییە!!؟

لەم ئێـــوارەیەدا هەست دەکـــەم ئابڵوقەی خۆشەوستم لەسەرە...

دانیـشـتـووم لە ژوورەکـەمداو لەناو دەستم دا وێنەیەک !! گشت لێم دەپرسـێت دەبێت ئەم وێنەیە کێ بێت؟

هەر کـەسێ ئەم وێنەیە ببینێت دەتوێتەوە بۆ ئەو خۆشەویستییە، کە لەم وێنەیەدا بەدی دەکرێت!!

دڵ دەگـری، فـرمـێـسـک وشک دەبێ و دەریا هاوار دەکات!!

خـۆشـەویسـتی یادگـارییـە... یادگاریش مردنی بۆ نییە!!؟.

بریاری کـــۆچ کـــردنێکی بێ دەنگیمدا!!

خۆ من جارێ بڕیاری لە بیرکردنم نەداوە... جـــارێ هەنـاســـەو هەنیسکەکانی لە ناخمدا ماون... روحی لەناو جەستەمدا جێنیشین بووە... خۆشەویستی ژانمە...

ئێش وئازارمە...

دڵنیابە، کە هەر دەم ژان و ئێش و ئازارەکـانیش خۆشـەویسـترین شتن لەلام!!.

**شۆخان**

